KCCRC

Islamic Studies

# ستراتیجی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی گروپە جیهادییە نیمچە دەوڵەتیەکان

# داعش وەك نموونە

ISIS



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٦٤

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# ستراتیجی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی گروپە جیهادییە نیمچە دەوڵەتیەکان

## (داعش وەك نموونە)

هاوڕێ حەسەن - ئیدریس سیوەیلی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٦٤

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# ستراتیجی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی گروپە جیهادییە نیمچە دەوڵەتیەکان

# (داعش وەك نموونە)

هاوڕێ حەسەن - ئیدریس سیوەیلی

**پێشەکی**

گروپە جیهادییە نیمچە دەوڵەتەکان، بەو گرووپانە دەوترێت کە بەشێکی زۆر لە خاسیەتەکانی دەوڵەتیان تێدایە، لەوانەش کۆنترۆڵیان هەیە بەسەر ناوچەیەکی جوگرافیدا، خاوەنی دانیشتوان، پۆلیس و دادگا و چەندین خاسیەتی ترن. ئەوەی ئەم گرووپانە لە گرووپە ناسیۆنالیستەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم گروپانە بە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیەوە پابەند نین. بەواتایەکی تر، هیچ بایەخێک بۆ سنوری دەوڵەتان دانانێن و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو سنورە دەستکردانە دەدەن کە لەلایەن دەوڵەتانەوە دروستکراون و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی نێودەوڵەتی تێدەکۆشن(١). ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) نموونەیەکی دیاری دەوڵەتە نیمچە جیهادییەکانە، بەوەی کە لە قۆناغێکدا خاوەنی حکومەت، دانیشوان، ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، ئاسایش، پۆلیس، دادگا و ئاڵای تایبەت بەخۆی بوو. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە ئایا ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام خاوەنی چ جۆرە ستراتیجیەکی سەربازیی یان سیاسەتی دەرەوەیە؟

لەگەڵ ئەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ئێستا وەکو دەوڵەتێکی خاوەن جوگرافیا نەماوە، بەڵام هێشتا بە هەڕەشەیەکی گەورە دادەنرێت لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان، بۆیە جێگەی خۆیەتی لێکۆڵینەوە بکرێت سەبارەت بە دیدگای ئەم گرووپە بۆ ئاسایش و چەمکی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا. لە ڕابردودا، چەمکی ئاسایش وەک ئەوە وێنا کراوە کە تایبەت بێت بە دەوڵەت مەبەست لێی برینی بێت لە پارێزراوبوونی دەوڵەت لە هەڕەشەی سەربازی دەوڵەتانی تر، بەڵام لەدوای جەنگی ساردەوە، ئەم تێڕوانینەوە بۆ چەمکی ئاسایش بەرهەڵستی کرا لەلایەن قوتابخانەی گۆپنهاگن و دەروازەی ئاسایشی مرۆیی و قوتابخانەی وێڵزەوە(٢). لایەنگرانی گۆپنهاگن لەگەڵ ئەوی دان بە گرنگی ئاسایشی دەوڵەتدا دەنێن، بەڵام پێیان وایە کە نەتەوە و پێکهاتە مەزهەبی و کولتورییەکانیش بابەت و یەکێتی ئاسایشن لەسەر ئەو بناغەی کە خاوەنی ناسنامەن، ئەگەر دەوڵەت خاوەنی سەروەری بێت، بەلەدەستدانی سەروەرییەکەی لەناو بچێت، ئەوا هەمان شت ڕاستە بۆ نەتەوە و پێکهاتە کولتوری مەزهەبییەکان، بەوەی کە ئەمانەی دوایی خاوەنی ناسنامەن، دەیانەوێت ناسنامەی خۆیان بپارێزن، ئەگەر ناسنامەکەیان لەدەستدا، چیدی وەک نەتەوە و پێکهاتە بوونیان نابێت(٣). بەڵام، دەروازەی ئاسایشی مرۆیی و قوتابخانەی وێڵز گرنگی بە ئاسایشی دەوڵەت، ئاسایشی نەتەوە ، پێکهاتە مەزهەبی و کولتورییەکان نادەن، بەڵکو لایەنگرانی هەردوو دەروازەکە پێیان وایە دەبێت ئاسایش بۆ تاک(مرۆڤ) بێت، دەوڵەت ئامڕازێکە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی مرۆیی نەک ئامانجی ئاسایش بێت، واتە دەوڵەت ئامڕازی ئاسایشە نەک ئامانجی ئاسایش، ئەوەی ئامانجە مرۆڤە(٤). پاش خستنەڕووی ئەم دیدگاو ڕوانگانەی ئاسایش، ئێستا حەقی خۆیەتی بپرسین ئەو گروپەی کە بووە بە

سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهان، خۆی چۆن لە چەمکی ئاسایش دەڕوانێت، چی لای ئەم گرووپە ئاسایشە و چیش مەترسیە؟ ؛ داعش هەڵگری چ جۆرە ستراتیجیەکە لە بواری ئاسایشدا؟

**تێڕوانینی سەلەفی جیهادی بۆ ئاسایش و سیاسەتی دەرەوە**

گرووپە سەلەفیە جیهادییەکان ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەیان لەسەر چەند بنەمایەک دارشتووە، ئەوانیش: دەوڵەتداری و دابەشکاری دارلئیسلام و دارلکوفر، دۆستایەتی و دوژمنایەتی و جیهاد، هەوڵدەدەین لێرەدا وردتر دید و دونیابینی سەلەفی جیهادی و لەو

> ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت لە دیدی سەلەفی جیهادی و داعش وەکو نموونەیەکی ئەو بیرە لەسەر بنەمای شەڕ و ململانێ و کۆتایهێنان و ملکەچکردنی ئەوی تر دامەزراوە

تێوەنددشدا داعش سەبارەت بەو چەمکانە بخەینەڕوو کە لەسەر ئەو بناغەدا گرووپە سەلەفیە جیهادییەکان ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەیان ئەبەنی کردوە.

**١- دەوڵەتداری و دارلئیسلام**

لە دیدی سەلەفی جیهادی، لەبەر رۆشنایی ئایەتی (یا ایها الذین امنوا اطیعوا اللە واطیعوا الرسول واولي الامر منكم ... النساء ٥٩). گوێڕایەڵی کاربەدەست بەشێکە لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر، گوێڕایەڵیش بەوە دەبێت کە دەوڵەتداری هەبێت، بێ بوونی دەوڵەتی ئیسلامی ئەو گوێڕایەڵیە نایەتەدی و مەبەستێکی گەورەی شەریعەت پەکیدەکەوێت(١)، دەوڵەتداری بەشێکی گەورەی ئیسلامە و وابەستەیە بە عەقیدەوە، لایەنە گەشاوەکانی ئایین کاتێک دەردەکەوێت کە دەوڵەت هەبێت و تێیدا شەریعەت پیادەبکرێت(٢).

تیۆرسێنانی سەلەفی جیهادی پێیان وایە خوا بۆیە مرۆڤەکانی دروستکردوە تا بیپەرستن، ئەمەش بەوەدێتەدی کە دەوڵەتیان هەبێت و حاکمیەت بۆ شەرعی خوا بێت، ئایینداری بەرپابکات و پارێزگاری لە سنوورەکانی شەرع بکات، پێغەمبەرانیش لەوپێناوەدا نێردراون، بۆیە هەر سیستمێک لە سەر ئیسلام بنیادنەنرابێت بەتاڵە و شەرعییەتی نییە(٣).

لەگەڵ دروستبونی دەوڵەت چەمکێکی تر دێنەپێش کە سەلەفی جیهادی لەسەری دەوەستێت، ئەویش دابەشکردنی دنیا و جۆری دەوڵەتە بۆ دارلئیسلام و دارلکوفر، لە جیهانبینی سەلەفی جیهادیدا دارلئیسلام ئەو ناوچەیەیە کە حوکمی ئیسلامی تێدا جێبەجێدەکرێت، بەڵام دارلکوفر هەر ناوچەیەکە کە حوکمی ئیسلامی تێدا جێبەجێنەکرێت، لە سێ دۆخیشدا دارلئیسلام دەبێتە دارلکوفر ئەوانیش: ئەگەر حوکمی کوفری تێدا جێبەجێبکرێت،، موسڵمانان تێیدا هەست بە ئەمان نەکەن، ببێتە مەترسی بۆ سەر دارلئیسلام(٤).

لای سەلەفی جیهادیی هەموو دارلکوفرێک خانەی جەنگە (دار الحرب)، مەگەر پەیمانێک لە نێوان ئەوان و موسڵمانان هەبێت. بنەڕەت لە پەیوەندی لە نێوان دارلکوفر و دارلیسلام جەنگە، دەبێت ئەوان ملکەچ بن بۆ حوکمی ئیسلام، هەموو زەوی هی خوای گەورەیە، هی کافر و بێباوەڕان نییە، ئیسلام ئەو دینەیە کە خوا پێی رازییە، نابێت خەڵکی سەرزەوی جگە لە ئیسلام شتێکی تر هەڵبژێرن، ئەوە حوکمی خوایە کێ رازییە ئەوەیە، کێش رازی نییە دۆزەخ فراوانە. لەم دیدەدا روونە کە ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت لە دیدی سەلەفی جیهادی و

داعش وەكو نموونەیەكی ئەو بیرە لەسەر بنەمای شەڕ و ململانێ و كۆتایهێنان و ملكەچكردنی ئەوی تر دامەزراوە، ئەوان وای دەبینن كە كافران ئەگەر ئەهلی ئیسلام بە پەیمانێک پەنایان نەدان ئەوە لە هیچ شوێنێک سەر و ماڵیان پارێزراو نییە و كوشتنیان ڕەوایە، ئەمەش یەكێكە لە بنەڕەتەكانی ئیسلام(٥).

**٢- دۆستایەتی و دوژمنایەتی**

دۆستایەتی و دوژمنایەتی (الولاء والبراء) یەكێكە لەو بابەتانەی لای سەلەفی جیهادی پێوەری وابەستەبوونی کەس و گرووپەكان بە ئیسلامەوە دەردەخات، لە

> **سەلەفی جیهادیی و لەناویشیدا داعش دیدێكی تەبەنی كردووە كە پێیوایە كافر خوێن و ماڵی موباحە بە هۆی كوفرەكەیەوە، خوێنی وەك خوێنی سەگ وایە**

قۆناغە جیاوازەكانی مێژووی ئیسلام زانایان لەو بارەوە شتیان نووسیوە، لە سەردەمی هاوچەرخیشدا زانایانی سەلەفی زۆر جەختیان لەسەر ئەو چەمكە كردووەتەوە، بە فەتواكانیان باسیان لە وردەكاری دۆستایەتی و دوژمنایەتی كردووە. بەڵام هیچ كام لەوانە لە چوارچێوە گشتیەكەی دەرنەچوون، بە تایبەت زانا سعودیەكان كە پشتیوانی حكومەتی سعویە بوون، (جوهەیمان عوتەیبی) یەكەم کەس بووە كە بە شێوەیەكی ورد و لە چوارچێوە سیاسییەكەیدا باسی لەو چەمكە كردووە و بەسەر حكومەتی سعودیەدا چەسپاندویەتی، بە جۆرێک كە ئەو بابەتە دەبێتە یەكێک لە بنەماكانی دارشتنی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوە، ئەو لە نووسینەكانیدا بە وردی باسی لەو چەمكە كردووە و دەڵێت «خوای گەورە نموونەی میللەتی ئیبراهیم (دینی ئیبراهیم) دەكاتە سەرمەشق بۆ موسڵمانان، كە ئایینێكە لەسەر بنەمای دۆستایەتی بۆ پەرستنی خوا و دوژمنایەتی بۆ هاوبەشیدانان بۆ خوا و هاوبەشدانەران و دژایەتیكردنیان دامەزراوە، بەمەش موسڵمانی ڕاستەقینە و درۆینە لەیەكجوداكراوەتەوە، بە جێبەجێكردنی ئەم لایەنەش نەبێت ئیسلام پیادەنابێت»(٦).

جوهەیمان پێیوایە جێبەجێكردنی ئایینی ئیبراهیم كە لەسەر موسڵمانان پێویستكراوە شوێنپێی هەڵگرن بە سێ قۆناغ دەبێت:

– خۆدارنین لە هاوبەشیدانان.

– كۆچكردن بۆ شوێنێكی ئارام كە موسڵمانان لێی كۆببنەوە و ئایینداری تێدابكەن.

– جەنگان لەپێناو سەرخستنی ئایین(٧)

دوای جوهەیمان عوتەیبی، چەندین نووسەری سەلەفی جیهادیی، لەوانە: عەبدولقادر عەبدولعەزیز، ئەبو محەممەد مەقدیسی، ئەبو قەتادەی فەلەستینی، عەبدولمونعیم موستەفا حەلیمە، هانی سیباعی و ... تاد لەوبارەوە نووسیویانە، تەنانەت ئەیمەن زەواهیری نامیلكەیەكی تایبەتی لەو بارەوە نووسیوە لە ژێر ناوی (الولاء والبراء عقيدة منقولة وواقع مفقود) تێیدا پایەكانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی باسدەكات و نەیارانی ئیسلامیی لە دیدی خۆیەوە پۆلێن كردووە.

بەلای ئەو تیۆرسێنانەوە دۆستایەتی و دوژمنایەتی یەكێكە لە پێوەرەكانی تاك و گرووپەكان بە ئیسلامەوە، ئەوان زۆر جەخت لەوە دەكەنەوە كە كام دەسەڵاتدار (تاغوت)ە و لە دین لایداوە و دەبێت خۆی لێ بەری بكرێت و جیهادی لە دژ بكرێت، دەبێت موسڵمان دۆستایەتی ئەهلی یەكتاپەرستی بكات و خۆی لە تاغوت و دانەرانی یاسا دەستكردەكان بەدور بگرێت.

لای زۆرێک لە تیۆرسێنانی سەلەفی جیهادیی بازنەی

خۆبەریکردن بە شێوەیەک فراوانە هەموو ئەوانەی نەئەوین، یان بێگانەن یا یاسای دەستکرد دادەنێن، یان بڕوایان بە دیموکراسی هەیە دەبێت خۆی لێی بەری بکرێت، بەڵام ئەهلی یەکتاپەرستی لە گرووپێکی بچوکدا کورتهەڵدەهێن کە پێویستە دۆستایەتی بکرێن و سەربخرێن و جیهاد لە پاڵیاندا بکرێت(٨).

**٣- جیهاد**

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، تیۆرسێنانی سەلەفی جیهادی لە نووسینەکانیاندا زۆر جەخت لە دروستکردنی دەوڵەت و خیلافەتی ئیسلامی دەکەنەوە، لەوەشدا هاوڕان کە جیهاد باشترین ڕێگەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیە، لەوبارەوە ئەبو قەتادە فەلەستینی (عمر بن محمود) بە شێوەیەکی گشتیی باسی ئەو ڕێگەیە دەکات کە دەوڵەتی ئیسلامیی بەهۆیەوە دادەمەزرێت و دەڵێت «ڕێگەی نمونەیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام ڕێگەی شەرعییە کە ڕێگەیەکی گەردونییە»، لە بواری کردەیشدا ئاماژە بەوە دەدات کە دەوڵەتی ئیسلامیی بە ڕێگەی جیهاد دادەمەزرێت، جگە لەوە شتێکی ئەوتۆ باس ناکات(٩). (ئەبوبەکر ناجی) هاوڕای ئەبو قەتادە فەلەستینییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە دروستکردنی دەوڵەت دەبێت لە ڕێگەی هێزەوە بێت، ئەمەش لەگەڵ سوننەتە گەردونییەکان تەبایە، لە مێژوی ئیسلامیدا بەهۆی هێزی چەکداری ئەوس و خەزرەجەوە توانرا دەوڵەتی مەدینە دامەزرێت. دەبێت ئێستا هەمان ئەزموون دووبارە بکرێنەوە و جیهاد ئەنجامبدرێت(١٠).

سەلەفی جیهادیی و لەناویشیدا داعش دیدێکی تەبەنی کردووە کە پێیوایە کافر خوێن و ماڵی موباحە بە هۆی کوفرەکەیەوە، خوێنی وەک خوێنی سەگ وایە، مەگەر بێتە ناو ئیسلام یان جزیە بدات و سەرشۆڕی بنوێنێت بۆ ئیسلام، هەموو کافرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی هەمان حوکمیان هەیە، جیهاد لە دژیان واجبە، هۆکاری کوشتنیشیان شیرک و کوفرە، هەرکەسێکیش لە ئیسلام بچێتە دەر بە هەمان شێوە خوێن و ماڵی موباحە(١١).

گەورەترین دوژمنی خیلافەتەکەی داعش و بیری سەلەفی جیهادیی بێباوەڕیی و هاوبەش پەیداکردنە بۆ خودا. بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم هەڕەشەیە ڕێکخراوی داعش ستراتیجی ئاسایشی خۆی بەشێوەیەکی هێرشبەرانە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دارشتووە. داعش بڕوای بە دامەزراندنی دەوڵەت نییە بەواتا مۆدێرنەکەی کە خاوەنی سنوری خۆی بێت و ستراتیجییەکی عەقڵانی بگرێتەبەر لەپێناو بەهێزکردنی ئەگەرەکانی مانەوەی. بەلای سەلەفی جیهادییەوە خەڵکی بۆ سێ گرووپ پۆلێن دەکرێن: موسڵمانێک کە خوێن و ماڵی پارێزراوە، ئەهلی زیمە کە سەرانە دەدەن، کافرێک کە سەرانە نادات خوێن و ماڵی موباحە بۆ مسوڵمانان و دەبێت جیهاد بەرامبەری بکرێت(١٢).

تیۆرسێنانی سەلەفی جیهادیی پێیانوایە ململانێی حەق و باتڵ مێژوویەکی درێژی هەیە و لەگەڵ دروستبونی مروڤ و ژیانی لەسەر زەوی دەستپێکردوە و تا مرۆڤ مابێت بەردەوام دەبێت، لەوپێناوەشدا ئیسلام جیهادی پێویست کردووە تا ئایین بەرقەراربێت و هاوبەشیدانان نەمێنێت، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی (وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ)(الانفال ٣٩)(١٣).

تەواوی تیۆرسێنانی سەلەفی جیهادیی لەسەر ئەوە کۆکن کە جیهاد لە ڕۆژگاری ئێستادا لەسەر هەموو موسڵمانان فەرزی عەینە وەکو نوێژ و ڕۆژوو، ئەوکەسەش نەتوانێت جێبەجێی بکات دەبێت ئامادەسازی بۆ بکات بە تایبەت ڕاهێنانی سەربازی بکات و کۆچ بکات بۆ ئەو شوێنەی لەگەڵ هاوبیرەکانی دەتوانن پێکەوە جیهادی تێدا ڕاگەیەنن(١٤)

گرووپەکانی سەلەفی جیهادیی، خۆیان وەک کۆمەڵی ڕزگاربوو ئەژمار دەکەن، ئەوکاتەی لە ناوچەیەک دەسەڵاتیان دەبێت خۆیان وەکو تاکە هێزی شەرعی دەناسێنن، بۆیە هیچ دوودڵ نین لەوەی هەر کەس و هێزێکی دەرەوەی خۆیان بە دەرچوو یان دوژمنی ئایینی ئیسلام ناوبەرن، هەروەک داعش لە ماوەی دەسەڵاتەکەی خۆیدا کردی، بەشێوەیەک تەنانەت

ئەو گرووپە ئیسلامییانەش کە لەگەڵ بوچونی داعش نەبوون، یان ئامادەنەبوون بەیعەت بدەنە ئەبوبەکر بەغدادی و وەکو خەلیفە ئەژماری بکەن، ئەوا داعش بە دەرچوو لە ئایین ناوبیردوون و شەڕی لە دژیان راگەیاندوە(١٥).

ڕەنگە لێرەدا پرسیاری ئەوە بێنە ئاراوە کە بۆچی داعش سیاسەتی دەرەوەی یان ستراتیجی خۆی لەسەر بنەمایەکی هێرشبەرانە داڕیژاوە؟ داعش لە گۆڤاری دابقدا وڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و لە بەشێکی گۆڤارەکەدا «بەناونیشانی بۆچی ئێمە ڕقمان لە ئێوەیە» هاتووە:

یەکەم: ئێمە ڕقمان لە ئێوەیە، بەرلە هەمووشتێک، لەبەئەوەی ئێوە بێباوەڕن بە تاک و تەنهایی خودا (الله) – ئێوە درک بەمە بکەن یاخود درکی پێنەکەن- ئێوە هاوبەش بۆ ئەو بڕیاردەدەن لە پەرستشەکانتاندا، ئێوە کوفردەکەن، باس لەوە دەکەن خودا کوڕێکی هەیە، ئێوە درۆ هەڵدەبەستن بە دەمی پەیامبەر و نێردراوەکانی خوداوە، ئێوە مومارەسەی تەواوی خۆشیە شەیتانیەکان دەکەن. هەر لەبەرئەم هۆکارەیە کە ئێمە فەرمانمان پێکراوە بە ئاشکرا ڕق و دوژمنایەتی خۆمان لەبەرامبەر ئێوەدا ڕابگەیەنین. لەمەو پێشیش نموونەیەکی دیار هەبووە بۆ ئێوە کە ئەویش ئیبراهیم و شوێنکەوتووەکانی بوون، کاتێک کە بە گەلەکەی خۆیانیان وت» لەڕاستیدا، ئێمە لە ئێوە نین و بەریین لەو شتانەی کە ئێوە پەرستشی بۆ دەکەن جگە لە الله. ئێمە ئێوە ڕەتدەکەینەوە و دوژمنایەتی و ڕق لە نێوان ئێمە و ئێوەدا بەردەوامی دەبێت تاوەکو ئێوە باوەڕدەهێنن بە تاک و تەنهایی الله«. لەمەش زیاتر، هەروەک و چۆن کە بیباوەڕینان وامان لێدەکات کە ڕقمان لێنان بێت، ئاواش بێباوەڕینان هۆکاری سەرەکیە کە وامان لێدەکات لەگەڵتان بجەنگین، وەک ئەوەی کە فەرمانمان پێکراوە لەگەڵ بێباوەڕان بجەنگین هەتاوەکو ئەوان ملکەچی حوکمی ئیسلام دەبن، یان بەوەی کە موسوڵمان دەبن، یاخود دەبێت جزییە بدەن. بۆئەو کەسانەی کە ئەم بژاردەیە پەسەند دەکەن- دەتوانن بەشێوەیەکی شکۆمەندانە لە ژێر حوکمی ئیسلامدا ژیان بەسەر بەرن. بەم شێوەیە، نەنانەت ئەگەر ئێوە بێن شەڕیش لەگەڵ ئێمە بووە ستێنن، لە باشترین حاڵەتی جەنگدا ئێمە لەوانەیە هێرشەکانی خۆمان لەدژی ئێوە هەڵپەسێرین- ئەگەر خۆمان بە پێویستی بزانین- لەپێناو ئەوەی کە قورسایی خۆمان بخەینە سەر هەڕەشەیەکی نزیکتر. جگە لە بژاردەی وەستانی شەڕ بەشێوەیەکی کاتی، تەنها بژاردەی چاوەڕوانکراو برینیە لە هەڵپەساردنی هێرشەکانمان بەشێوەیەکی کاتی. بەلام لەکۆتاییدا، ئێوە ناتوانن بۆ هەمیشە شەڕ لەگەڵ ئێمە بووەستێنن. لە باشترین حاڵەتدا ئێوە دەتوانن بەشێوەیەکی کاتی دواى بخەن.

دووەم: ئێمە ڕقمان لە ئێوەیە لەبەرئەوەی ئێوە عەلمانین، کۆمەڵگا لیبراڵییەکان ڕێگە بەزۆر شت دەدەن کە خودا ڕێگەی پێنەداوە و لەهەمان کاتیشدا زۆرێک لەو شتانە قەدەغە دەکەن کە خودا ڕێگەی پێداوە، مەسەلەیەک کە ئێوە بەلاتانەوە گرنگ نییە و گوێی پێنادەن لەبەرئەوەی ئێوە جیاوازی دەکەن لە نێوان ئایین و دەوڵەت، لەم ڕێگەیەشەوە دەسەڵاتی باڵا دەدەن بە حەز و ئارەزووەکانتان لەڕێگەی ئەو یاسادانەرانەی کە خۆتان بە دەنگدان دەیانگەیەنە دەسەڵات. بە ئەنجامدانی ئەم کارە، ئێوە دەخوازن ئەو مافی ملکەچبوون بۆ خودا بۆخۆتان زەوتبکەن و دەتانەوێت ئەو مافە بۆخۆتان بەکاربهێنن.

ئایدۆلۆجیای لیبراڵیزمە سیکۆلارەکەتان وای لێکردوون لێبووردەبن و نەنانەت داکۆکی و پاڵپشتی «نێربازی» بکەن، ڕێگە دەدات بە ئەلکحول و دەرمان و زیناو قومارکردن و سووخواردن بووە بە شتێکی باو بەربڵاو. بەم هۆیەشەوە، ئێمە جەنگ بەرپا دەکەین لەدژی ئێوە لەپێناو ئەوەی بتان وەستێنین لە بڵاوکردنەوەی بێباوەڕی و ناپاکی و فاسقیەت-- ناسیۆنالیزم و سیکۆلاریزم و بەها لیبڕالیە گەندەڵەکانتان و مەسیحیەت و بێباوەڕی، لەگەڵ تەواوی ئەو بێئەخلاقی و گەندەڵیانەی کە لەخۆیان گرتووە. ئێوە بەئەرکی خۆتان دەزانن کە کۆمەڵگا

موسوڵمانەکان ئازادبکەن، ئێمەش بە ئەرکی خۆمانی دەزانین ڕووبەڕووی کاریگەری و دەسەڵاتی ئێوە ببینەوە و مرۆڤەکان بپارێزین لە تێگەیشتنە هەڵە و بەلارێبەر و ڕێگا شێوێنراوەکانی ژیانی ئێوە.

سێیەم: ئێمە جەنگ بەرپا دەکەین لەدژی بێباوەڕان لەبەرئەوەی ئێوە بێباوەڕن بە بوونی خوداکەتان و دروستکەرەکەتان. ئێوە بەچاوی خۆتان دروستکردنی ئاڵۆزی بوونەوەر و زیندەوەرەکان دەبینن، ئەو یاسا فیزیکیانەی کە بەشێوەیەکی ورد و باوەڕپێنەکراو سەرنجڕاکێش تەواوی گەردوون بەڕێوە دەبەن، بەڵام ئێوە سوورن لەسەر ئەوەی کەوا ئەو شتانە هەر هەمووی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هاتوونەتە بوون. جگەلەمەش باوەڕنەبوونتان بە خودا وای لێکردوون نکوڵی بکەن لە ڕۆژی بڕیاردان (قیامەت). بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا « ئەنیا یەکجار دەژین » ئەوانەی کە بێباوەڕن و بانگەشەی ئەوە دەکەن هەرگیز زیندو ناکرێنەوە.

چوارەم: ئێمە ڕقمان لە ئێوەیە لەبەر ئەو تاوانانەی کە لەدژی ئیسلام ئەنجامتان داوە و جەنگ لەدژتان هەڵدەگیرسێنین تاوەکو سزاتان بدەین بەهۆی تاوانەکانتانەوە لەدژی ئایینەکەمان.

پێنجەم: ئێمە ڕقمان لێتانە بەهۆی ئەو تاوانانەی کە ئێوە لەدژی موسوڵمانان ئەنجامتانداوە. ئێمە لەدژی ئێوە دەجەنگین بۆئەوەی بتانوەستێنین لە کوشتنی پیاو و ژن و منداڵەکانمان، دەجەنگین لەپێناو ئازادکردنی ئەو کەسانەی کە زیندانیتان کردون و ئەشکەنجەیان دەدەن.

شەشەم: ئێمە ڕقمان لە ئێوەیە لەبەرئەوەی ئێوە خاکی ئێمەتان داگیرکردووە ڕووبەڕووتان دەبینەوە لەپێناو دەرکردنتان. هەتاوەکو یەک بستی زەوی مابێت کە ئێمە بیگرینەوە، جیهاد واجب دەبێت لەسەر هەموو تاکێکی موسوڵمان.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بکرێت کە ئامانجی کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی خاکی موسوڵمان و ئەشکەنجەدانی موسوڵمانان لای داعش شتێکی لاوەکیە. هەروەکو خۆیان دەڵێن، ئەوان ئامانجێکی هێرشبەرانەیان هەیە لە سیاسەتی دەرەوەدا و لەوبارەوە دەڵێن: «تەنانەت ئەگەر ئێوە هێرشەکانیش بۆسەر ئێمە ڕابگرن، ئازادمانبکەن، واز لە ئەشکەنجەدانمان بهێنن، واز لە داگیرکردنی خاکەکەمان بهێنن، ئێمە هەر بەردەوام دەبین لەوەی کە هەر ڕقمان لە ئێوە بێنن لەبەرئەوەی ڕقی ئێمە لە ئێوە هەرگیز کۆتایی نایەت تاوەکو نەبن بە موسوڵمان. تەنانەت ئەگەر ئێوە جزیەش بدەن و لەژێر سایەی حوکمی ئیسلامدا بە شکۆمەندی بژین، ئێمە هەر ڕقمان لەئێوەیە. بێگومان شەڕ دەوەستێنین لەگەڵ ئەوانەی جزیە دەدەن و ئەو بێباوەڕانەی کە پەیمانیان لەگەڵ ئێمەدا بەستووە، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لەوەی

”

**تێگەیشتنی بیری سەلەفی جیهادیی داعش بۆ ئاسایش نەك تەنها خاڵیە لە تێگەیشتنێکی مرۆڤدۆستانە، بەڵکو لەدژی ئاسایشی مرۆڤیشە**

“

کە ڕقمان لێیان بێت».

لەوەش گرنگتر، داعش دەڵێت: «ئەوەی کە گرنگە بۆ تێگەیشتن ئەوەیە کەوا ئێمە ڕووبەڕووی ئێوە دەبینەوە، نەک لەبەرئەوەی سزاتان بدەین یان ڕێگریتان لێبکەین، بەڵکو لەبەرئەوە ڕووبەڕووتان دەبینەوەی تاوەکو بانگەیەنین بە ئازادی ڕاستەقینە لە ژیانەدا و ڕزگاری لە دواڕۆژدا، ئازادی لەوەی

کە ببن بە کۆیلەی حەز و ئارەزووەکانتان و دەسەڵاتدار و پیاوە ئایینیەکانتان، ڕزگاری لەڕێگەی پەرستنی دروستکەرەکەتان بەتەنیا و شوێنکەوتنی پەیامبەرەکەی. ئێمە دەجەنگین لەگەڵ ئێوە لەپێناو ئەوەی لە تاریکی بێباوەڕی دەرتان بهێنین بتانخەینە نێو ڕۆشنایی ئیسلامەوە(٢٠).

پاش خستنەڕووی ئەو خاڵانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، تێگەیشتنی بیری سەلەفی جیهادی داعش بۆ ئاسایش و سیاسەتی دەرەوە زۆر جیاوازە لەگەڵ تێگەیشتنی قوتابخانەکانی بواری ئاسایش، بیری سەلەفی جیهادی بڕوای بە دووجۆر لە ئاسایش هەیە: ئاسایشێک لە دنیادا کە تەنها باوەڕداران لە خۆ دەگرێت و لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەستەبەر دەبێت، ئەوانەش کە ناموسڵمانن وەکو ئەهلی زیممە بە شێوەی ڕێژەی لەم ئاسایشە سودمەندن بەو شێوەی لە فیقهی ئیسلامیی حوکمەکانی ئەهلی زیمە باسکراوە، ئاسایشی دوارۆژیش کە بەهەمان شێوە تەنها باوەڕداران جێگەیان تێیدا دەبێتەوە. بێباوەڕان هەم لە دنیادا و هەمیش لە دوارۆژدا دوورن لە ئاسایش و ئارامی، بگرە سەرچاوەی مەترسیشن بۆ کۆمەڵگای موسوڵمانان، موسوڵمانان کاتێک هەست بە ئاسایش دەکەن کە کوفر لە ڕەگ و ڕیشەوە لەناوبەرن، ئەمەش لەڕێگەی جیهاد و کوشتنی بێباوەڕان یان لەڕێگەی ئەوەی کە بێباوەڕان باوەڕبهێنن. ئەمەش لەڕێگای دەوڵەتێکی ئیسلامییەوە دەبێت، ئەم دەوڵەتە ئیسلامیە باوەڕی بە سنور و سەروەری نییە و بگرە خاوەنیشی نییە، ئەم دەوڵەتە خاوەنی ناسنامەیەکی ئیسلامییە، بۆ بەرگریکردن و پاراستنی ئەم ناسنامە ئیسلامییە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ستراتیجی هێرشکردن دەگرێتە بەر تاوەکو کۆتایی بە کوفر دەهێنێت. لەسەر ئاستی ناوخۆیی، باوەڕداران پێویستە پاڵپشتی لە دەوڵەتی ئیسلامی بکەن، تەنانەت ئەو باوەڕدارانەی کە لە دەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامیدان دەبێت پەیوەستی و خۆشەویستنیان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی هەبێت و بچنە پاڵ دەوڵەتی ئیسلامی. کەواتە ئەوەی لە هەڕەشەدایە ناسنامە ئایینیەکانە، ئەولەویاتی سەرەکیش دەبێت پاراستنی ناسنامەی ئایینی بێت، بەم هۆیەوە دەکرێت بڵێین داعش وەک تاکە ئامانجی سەرەکی سەیری پاراستنی ناسنامە ئایینیەکە دەکات و خەبات دەکات لەپێناو گێڕانەوەی جێبەجێکردنی شەریعەت، لە کاتێکدا ئایین یەکێکە لە پێنج مەبەستەکانی شەریعەت نەک هەموو مەبەستەکان.

### هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنی داعش بۆ ئاسایش

١. بانگەشەی داعش بۆ جیهاد ئازادکردنی مرۆڤەکانە لە تاریکی کوفرەوە بۆ ڕۆشنایی ئیسلام، بەڵام ئامرازی ئازادکردنی مرۆڤەکان ئامرازێکی کلاسیکی و سەرکوتکەر و خوێناوییە، داعش لە ئایینی ئیسلامدا سودی لە تێگەیشتنە هێزی ڕەق (هارد پاوەرەکان)ی ئیسلام وەرگرتووە، هیچ بایەخێکی بۆ نەرمە هێز دانەناوە بۆ بانگێشتکردنی بێباوەڕان بۆ نێو بازنەی باوەڕ کە ئەمەش لەڕێگەی نواندنی هەڵسوکەوتی جوان و مامەڵەی نەرمونیان و گرنگیدان بە چەمکە درەوشاوەکانی وەک دادپەروەی و یەکسانی.

٢. تێگەیشتنی بیری سەلەفی جیهادیی داعش بۆ ئاسایش نەک تەنها خاڵیە لە تێگەیشتنێکی مرۆڤدۆستانە، بەڵکو لەدژی ئاسایشی مرۆڤیشە، ئاسایشی مرۆڤ دەکات بەقوربانی ئاسایشی دەقە ئایینیەکان، لەکاتێکدا ئەوەی چەقە مرۆڤە و دەقە ئایینیەکان بۆ خزمەت و ڕێنوێنی مرۆڤ هاتوون.

٣. فرەیی ئایینی لە تێگەیشتنی داعشدا بوونی نییە، داعش دەیەوێت کۆمەڵگایەکی ئیسلامی یەک ڕیز و هاوشێوە دروستبکات، تەنها ئەو کاتە بێباوەڕان لەسایەی ئەم کۆمەڵگایەدا جێیان دەبێتەوە و پارێزراو دەبن کە جزیە بدەن بە دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام وەک لە پێشتریشدا باسکرا، بیری سەلەفی داعش بیرێکی لێوان لێوە لە ڕق بەرامبەر ئەو کەسانەش کە جزیە دەدەن لە ناوخۆی دەوڵەتی ئیسلامیدا. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر لەسایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا موسوڵمانان ڕقیان لە بێباوەڕان بێت چ مانایەک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و یەکگرتووی

کۆمەڵایەتیی دەمێنێتەوە؟

٤. ئەو ستراتیجیەی کە داعش لە بواری سیاسەتی دەرەوەیدا گرتوویەتیەبەر ستراتیجیەکی شکستخواردووە، لەلایەک ستراتیجیەکەی داعش ئامانجی دامەزراندنی خیلافەتێکی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی نێودەوڵەتیە، ئەم ستراتیجیە وا دەخوازێت کە داعش خاوەنی توانایەکی هێرشبەری ئەوتۆ بێت کە بتوانێت سیستمی نێودەوڵەتی بگۆڕێت، لەڕاستیدا داعش توانای زۆر لەوە کەمترە کە بتوانێت نەک جیهان تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش داگیربکات، لەبەرئەوەی خاوەنی توانای جەنگی هێرشبەری نییە، لەلایەکی ترەوە، گرتنەبەری ستراتیجی هێرشبەری فراوانخوای وادەکات زۆر بەخێرایی دەوڵەتانی جیهان پێکەوە لەشێوەی ئاسایشی بەکۆمەڵ هەڵوێست وەربگرن، ئەمەش لەلایەک لەبەرئەوەی گروپە جیهادییەکان هەڕەشەی گەورەن بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەلایەکی تر مەترسیەکی گەورەن بۆسەر ئاسایشی مرۆیی. ئەگەر سەیربکەین، دوای دروستبوونی داعش و ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ئاساشی وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەستبەجێ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەشێوەی هاوپەیمانیەکدا ڕووبەڕووی داعش بوونەوە. کەواتە لێکەوتەی سەرەکی ستراتیجیەکەی داعش لەناوبردنی خودی داعشە نەک سیستمی جیهانی(٢٢).

## دەرئەنجام

داعش گروپێکی نیمچە دەوڵەتی جیهادی بوو، کە سیاسەتی دەرەوەی هاوشێوەی گروپە ئیسلامیە نیمچە دەوڵەتەکانی تر لەسەر بنەمایەکی هێرشبەریانە بونیادنابوو. پیادەکردنی ستراتیژی هێرشبەریانە لەلایەن داعشەوە بووە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانیەکی نێودەوڵەتی لەدژی داعش، لەبەرئەوەی داعش بەهۆی پیادەکردنی ستراتیجی هێرشبەریانەوە بووە مەترسی و هەڕەشەیەکی ئاسایشی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان بەگشتی و ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی. دەرئەنجام، ستراتیجیە هێرشبەرییەکەی داعش لەبری گۆڕینی ڕەگوڕیشەیی سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەڵوەشانەوەی سیستمی نێودەوڵەتی، سەری داعش خۆیی خوارد و لەناوی برد. بەهۆی ستراتیجییەکەیەوە، داعش لەلایەک بووە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتان، لەلایەکی تریشەوە بووە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی مرۆیی و ئاسایشی ناسنامەیی گروپ و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیە جیاوازەکان. لەدیدی ئاسایشی داعشدا، ئەویتر-ئەوانەی لە بازنەی ئیسلامی ڕاستەقینەدا نین-سەرچاوەی تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵگەی ئیسلامییە، لە هەمانکاتدا سەرچاوەی مەترسیە بۆ سەر ئایین و ناسنامەی ئایینی بۆیە پێویستە لەناوببرێن، جیهاد ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ناسنامەیی ئایین، تەنیا لەڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیەوە دەکرێت شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێبکرێت و بەم هۆیەشەوە ئاسایش بەدیبهێنرێت، بۆ موسوڵمانی ڕاستەقینە ئاسایش لە دنیادا تەنیا لەژێر سایەی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا هەستی پێدەکرێ و ئەزموون دەکرێت، لە جیهانەکەی تریش لە بەهەشتدا موسوڵمانان بە ئاسایشی تەواوەتی دەگەن.

## سەرچاوەکان

١- Lia B (٢٠١٥) Understanding Jihadi proto-states. Perspectives on Terrorism ٩(٤): ٣١-٤١.

٢- Hama, H. H. (٢٠١٧). State security, societal security, and human security. Jadavpur Journal of International Relations, ٢١(١), ١-١٩.

٣- Buzan, B., W□ver, O.., & De Wilde, J. (١٩٩٨). Security: A new framework for analysis. Lynne Rienner Publishers. see also: Ole W□ver, Barry Buzan, Morten Kelstrup (١٩٩٣). Identity, migration and the new security agenda in Europe.

٤- Newman, E. (٢٠١٠). Critical human security studies. Review of International Studies, ٣٦(١), ٧٧-٩٤. see also: Acharya, A. (٢٠٠١). Human security. in Baylis, J. (٢٠٢٠). The globalization of world politics: An introduction to international relations. Oxford university press, USA. Also look at: Booth, K. (١٩٩١). Security and emancipation. Review of International studies, ١٧(٤), ٣١٣-٣٢٦.

٥- دولة العراق الاسلامية: اعلام الانام بميلاد دولة الاسلام، دون سنة الطبع، نسخة الكترونية، ل٤.

٦- عمر بن محمود ابو عمر: الجهاد والاجتهاد، تأملات في المنهج، دار البيارق، الطبعة الاولى، عمان١٩٩٩، ل٣٩.

٧- (دولة العراق الاسلامية: هەمان سەرچاوە، ل٨.

٨- محمد عبدالسلام فرج: الجهاد الفريضة الغائبة، دون سنة الطبع، نسخة الكترونية، ل٤.

٩- ابو عبداله المهاجر: مسائل فى فقه الجهاد، دون سنه الطبع، نسخه الكترونيه، ص٢٣.

١٠- جهيمان بن سيف العتيبي: رفع الالتباس عن ملة من جعله الله اماما للناس، ئینتەرنێت، سایتی (www.ilmway.com)

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤

١٢- محمد الطيار: اطر السلفية الجهادية في المملكة الاردنية الهاشمية، المكتب العربى للمعارف، القاهرة ٢٠١٦. ل٢٤.

١٣- عمر بن محمود ابو عمر: الجهاد والاجتهاد، تأملات في المنهج، دار البيارق، الطبعة الاولى، عمان١٩٩٩، ل١٩٨.

١٤- ابوبكر ناجى: ادارة التوحش، اخطر مرحلة ستمر بها الامة، مركز الدراسات والبحوث الاسلامية، دون سنه الطبع، نسخة الكترونية، ل٩٩.

١٥- معتز الخطيب: تنظيم الدولة الاسلامية، البنية الفيكرية وتعقيدات الواقع، من ملفات تنظيم الدولة الاسلامية

١٦- ابو جويرية الشامي: العمليات الاستشهادية واحكامها، دار الوفاء ٢٠١٦، نسخة الكترونية، ل١٩- ٢٠.

١٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦

١٨- عمر بن محمود ابو عمر: هەمان سەرچاوە، ل١٣.

١٩- عبدالقادر بن عبدالعزيز: العمدة في اعداد العدة للجهاد فى سبيل الله، مركز الايمان للاعلام الاسلامي، دون سنة الطبع، ل٢٢. ابو مصعب السوري: دعوة المقاومة الاسلامية العالمية، الجزء الاول، نسخة الكترونية، ٢٠٠٤، ل١٣٧. عمر بن محمود ابو عمر: هەمان سەرچاوە، ل٣٠٦.

٢٠- النشاةە، الناثير، المستقبل)، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٤، نسخة الكترونية، ص١٢.

٢١- Dabiq Magazine (٢٠١٤b) Break the cross.) Dabiq Magazine ١٥: ١-٨٠. Available at: http://clarionproject.org/wp-content/uploads/islamic-state-magazine-dabiq-fifteen-breaking-the-cross.pdf (accessed ٢٢ November, ٢٠١٧).

٢٢- Lia B (٢٠١٥) Understanding Jihadi proto-states. Perspectives on Terrorism ٩(٤): ٣١-٤١.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ملمانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS